دەزگای ئاسایشی نیشتمانی دەستگیرکردنی دو تەمەتباری ساختەکاری لە پارێزگای موسەننا ڕاگەیاند

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە دەستگیرکردنی دو تەمەتباری ڕاگەیاند کە تەمەتبارن بە ساختەکاری لە پارێزگای موسەننا و یەکێك لەو کەسانەش، خۆی بە پارێزگار ناساندوە و فێڵی لە هاوڵاتیان کردوە.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە پارێزگای موسەننا دو کەسیان بەتەمەتی ساختەکاری و فێڵکردن لە هاوڵاتیان دەستگیرکرد کە بانگەشەی پێدانی زەویان بە هاوڵاتیان کردوە و لەبەرامبەریشدا بڕێك پارەیان لێوەرگرتون بەمەبەستی جێبەجێکردنی مامەڵەکانیان، چونکە یەکێك لە تەمەتبارەکان خۆی وەك پارێزگار نیشانداوە و لە ڕووگەی واتسئەپەوە پەیوەندییان لەگەڵ هاوڵاتیان ئەنجامداوە".

ئاشکراشیکرد، "پرسەی دەستگیرکردنی تەمەتباران، دوای وەرگرتنی زانیاری هەواڵگری دروست و وەرگرتنی ڕەزامەندی دادوەری ئەنجامدراوە، بەو پێیەی بە ڕاشکاوی دانیان بەوەدا ناوە کە فێڵیان لە هاوڵاتیان و کردوە و خۆیان وەك بەرپرسی حکومی نیشانداوە، هەروەها بە

پارەیەکی دارایییان وەرگرتوە کە بە (163) ملیۆن دیناری عیراقی مەزەندە دەکرێت".

ئاماژەی بەوەشکرد، "دوای دەستگیرکردنیان، ژمارەیەك هاوڵاتی کە بونەتە قوربانی ئەو ئێپەراسیۆنە ساختەکارییەی کە هەردو تیمەتبارەکە ئەنجامیانداوە، چونەتە پشەوە و سکاڵایان لە دژی ئەوان تۆمارکردوە، لەئێستاشدا وتەی تیمەتبارەکان تۆمارکرا بێئەوەی بخرێنە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری پەیوەندیدار بەمەبەستی گرتنەبەری هۆوشوێنی پێویست بەپێی یاسا".